المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (8) – العدد(1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-18

# چەمکی نەرجسییە ت (خوودپەرستی) لە نێوان شاعیرانی کورد، فارس، عەرەب، دا

محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: muhamad.noori@univsul.edu.iq

**پوختە:**

نەرجسییەت زاراوەیەکە کەبەردەوام بەر گوێمان دەکەوێت، بێئەوەی چەمک و واتاکانی لامانڕوونبێت وشارەزاییەکی ئەوتومان دەربارەی هەبێت، یا بێ ئەوەی ئەم زاراوەیە ببەستینەوە بەزانستی دەرون ناسییەوە، کە دواترچۆن ئەم بابەتە دەبێتەهۆی خوڵقاندن و ئەفراندنی بەرزی هونەری، کەسی نەرجسی هەڵگری کۆمەڵێگرێی دەروونییە و بۆ دەرباز بون لەم بار گرانییە پەنا دەباتە بەر قەریحەیەکی شیعریی بەرزی خوڵقێنەر، تا لێرەوە کەلێنەکانی یا گرێدەروونییەکانی پربکاتەوەولوت بەرزییەکەی خۆشی بخاتەڕو، لێرەوەهەوڵماندواە ئەم ڕاستییانە بخەینە ڕو.

**کلیلەوشە**: خۆبەزلزان، گرفتی دەروونی، شانازی بەخۆوە کردن، بەنزم سەیرکردنی کەسانی تر، ئاڵۆزی دەروونی.

**الملخص:**

تناولنا فی هذا البحث مرض النرجسیة بابعادها المختلفة، وکذلك خصال وممیزات هذا المصطلح وفق ماحدده علم النفس الاجتماعی وعلم النفس الفردی، اضافة الی اظهار خصال وممیزات الشخص النرجسی حسب التصنیفات العلمیة المختلفة عبر التاریخ.

وتناولنا کذلك وشائج التقارب والاختلاف بین الشعراءالنرجسیین الکرد والعرب والفرس بغیة الوصول الی نتائج مقبولة وصحیحة ومدروسة فی سیاقها التاریخی، وکذلك الاختلاف الجوهری بین الاداب الثلاثة حول کیفیة استعمال کلمة (انا) فی النصوص الشعریة بینهم وفق معایر السایکولوجیة.

**الكلمات المفتاحية:** متكبر، مزعج عقلي، فخور، أناني، ينظر باستخفاف للآخرين، معقد عقليا.

**Abstract:**

In this research, we addressed narcissistic disease in its various dimensions, as well as the qualities and characteristics of this term according to the specificity of social psychology and individual psychology, in addition to showing the qualities and characteristics of the narcissistic person according to the different scientific classifications throughout history.

We also addressed the convergence and differences between Kurdish, Arab and Persian narcissistic poets in order to reach acceptable, correct and studied results in their historical context, as well as the fundamental difference between the three literatures on how to use the word "i" in poetic texts between them according to the psychology standards.

**Key words:** Arrogant, troublesome mental, proud self-centered, looking down on others, mentally complicated,


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**پێشەکی:**

**نەرجسییەت** زاراوەیەکە کە لە سەدەی نۆزدەیەمەوەگرنگییەکی بەرچاوی پێدراوەبە تایبەت دوادەرکەوتنی بەر هەمەکانی شەکسپیرو سیگمۆند فرۆید وەك زانایەکی دەروونناسی، ئێمە هەوڵمان داوە پێوەندی نێوان شاعیرانی نەرجسی ولایەنی دەرونییان و پێوەندیان بە ئەفراندنی دەقی شیعرییەوە دیاری بکەین و لە هەمان کاتدا جیاوازی لایەنی نەرجسی لە نێوان شاعیرانی سێ نەتەوەی جیاوازدا بخەینە ڕووبە هوکارە هەمە لایەنەکانیانەوە، بۆیە باسەکەمانەدابەش کردوە بە سەر چەند تەوەرەیەکی بەیەکدا چوو و هاو پێوەندەوە، تا دەرەنجامەکانیان بەدروستی هەڵهێنجین، باسەکەشمان بەم چەشنەبەسەرپێنج تەوەرەدا دابەش کردووە:

1. نەرجسییەت چەمک وواتا.
2. خەسڵەتەکان وسیفاتەکانی کەسی نەرجسی.
3. من لە ڕووی دەروونییەوە.
4. من لەڕوی زاراوەییەوە
5. من لە نێوان شاعیرانی سێ نەتەوەدا
6. ئەنجامەکان
7. لیستی سەرچاوەکان.
8. پوختەی باس بەزمانی عەرەبي و ئینگلیزی.

**گرنگی تووێژینەوەکە:** لێکۆڵەرانی کورد زۆر بەکەمی ئاوریان لە لایەنی دەرونی لە لێکۆڵینەوەوتوێژینەوە ئەدەبییەکاندا داوەتەوە،لە کاتێکدا ڕاڤەی دەرونی بوەتە بەشێکی زیندوی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دوایدەرکەوتنی تیۆرییەکانی داروین،شکسپیر، ئەمەش پاڵی بەئێمەوە نا کە توێژینەوەکەمان گرنگی وئاوڕ لەم لایەنە بداتەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** لەڕوی لێکۆڵینەوەی دەرونییەوە لەئەدەبی کوردیدا، کە بەداخەوەتا ئێستا وەک پێویست نییەو ئاوری لێنەدراوەتەوە، بۆیە سەرچاوەی کوردی پێویستمان بۆ توێژینەوەکەمان چنگ نەکەوت، کە ئەمە خاڵێکە پێویستە لەسەری بووەستین و ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لە لێکۆڵینەوەکەماندا پشتمان بە میتۆدی شیکاری وەسفی بەستووە تا بتوانین ڕاڤەیەکی دەرونی بەرجەستە وڕون لەمبارەوە بخەینە بەردەست.

**سنووری‌توێژینەوەکە:** سنووری توێژینەوەکەمان لەڕووبەری سێ ئەدەبی نەتەوەی زمان جیاوازدا کاردەکات و هەریەکەو بە پێی بارو دۆخی کۆمەڵایەتی ـ ژینگەیی خۆی،کە ڕاستەوخۆپەیوەستن بەلایەنی دەرونییەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە نیشاندانی پێگەی شاعیرانی کوردە لە ڕوپێوي زاراوەی نەرجسیەتدا تاچرادەیەک هاوبەشی یا نزیکی یاجیاوازی دەدۆزینەوەلەڕوی دەرونی وئەفراندنی شیعرییەوە.

ئەمە هەوڵێکە لەو هەوڵدەگمەنانەکەلەمبوارەدادەدرێت لەڕوولێکۆڵینەوەی نەرجسییەت لە ئەدەبدا، وە تا چرادەیەك ئەم نەخۆشییە بووارنۆپەرە پێسەندنەشیعریی وئەدەبییەکان دەرەخسێنێ وچۆنیش هونەري بەرزی ئەدەبی دەخوڵقێنێت.

**گریمانەی باسەکە:** هەوڵمان داوەلەم باسەدا ئەوگریمانانە بخەینە ڕوکە زانستی دەروونناسی پۆلێنیکردون وکەسی نەرجسی پێ ناساندوەوخەسڵەتەکانی دیاریکردوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## تەوەرەی یەكەم: نەرجسییەت چەمك و واتا

نەرجسییەت یاخودپەرستی ومیا خودشفتگی وشەیەكی نوێیە، كەچەندین لێكدانەوەی جۆراو جۆر هەڵدەگرێ، وەك: بەخۆدا نازین، خوبەگەورە سەیركردن، شەیدابونی گەورەیی، فیزوو ڕوخۆشی.

ئەمانە هەمو دیاردە مرۆڤییەكانن و بە زۆری لە كەسانی هەڵكەوتوخاوەن بەهرەو زانا و ئەدیبان و شاعیرانی مەزن و شكۆمەندا...دەردەكەوون.ئەم دیاردەیە بەزۆری بە وشەی (من) یا (من ) دەكاتە دەستپێكی هەموو دەربرینەكان وپێشەنگی بەكار هێنانەكانی، لە ڕاستیدا ئەمە دیاردەیەكی خوازراووستایشكراوی كۆمەڵایەتی نییە وشیاوو پەسەندكراوو نابینرێ.

خاوەنی ئەم جۆرە ڕەفتارە هەمیشەو بەردەوام لە پەیگیری بنیاتنانی ناوبانگێكی سەرابیدان،زۆرجار ئەمانە بە نەخۆش وخەیاڵی و پووچ وەسف دەكرێن و ئەم زاراوانە ەقبنە خەسڵەتە ناسێنەرە كانیان،بەلام لایەنی گەشی ئەم دیاردەیەختنە ڕووو وە خووڵقاندنی ئەدەبێكی بەرزونایابەو كرانەوەی قەریحەیەكی شیعریی مەزن و جاڕدەری بونیادو ناوەڕۆكی بەرزن ودەرەنجام دەبنەپێناسەو پێگەی ئەوان لە جیهانی ئەدەبیدا.

نەرجسییەت بەخشەری هەستێكی باڵاولوت بەرزییەكی بێوێنەیە، ئە وان هە موو كە س لە ژێرباڵی خۆیانە وە دەبینن، كلیلی ژێری هەموعەقڵەكانن، ئەمە ڕاستیەكی چەسپاوە (ئەبول عەتاهیە) بەڕونی بەڵگەی بۆچونەكان بە دروستی دەخاتە ڕوكاتێک لێی دەپرسن: كێشەكان دەناسی؟ دەڵێت: من لە كێشەكان گەورە ترم، و دەربارەی خۆی دەڵێت: (گەر بمەوێ قسەكانم هەموودەبنە شیعر) . فاروق،14،1997

هەڵگرانی خەسلەتی نەرجسی،خۆپەرستی، دیاردەیەكە لەهەموئەدەب و نەتەوەكانی تربفارس، عەرەب بوونی هەیەو دەبینرلە ئەدەبی كوردیشدا بونی حاشا هەڵنەگرە و بە ڕونی لەدە قەشیعریەكانی شاعیراندا بەرچاودەكەوێ، لایەنی دەرونیش هاوبەشیەكی زانستییە ودەقەكان بەڕونی خەسڵەتە ناسێنەرەكانی تێدا دەردەكەوێ،(عەنتەرەی كوڕی شەداد ) بەشانازی كردن بەخۆیەوە ترۆپكی لوت بەرزی دەنوێنێ:

ولولا رمحی صارمی وسنان رمحی
لما رفعت بنوعبس عماد — عطوان،1980، 158 هەروەها، مواسی2018،الصفحة الاساسیة

وە یا دەڵێت:

ملات الارض خوفامن حسامی
فبات الناس من قیل وقال — عطوان،1980، 172

هەروەها فارسەكانیش پشكی بەرچاویان لەم ڕووەوە خستووەتەبەر دەست وبیدلی دە لوی دەڵێت:

گر بە پروازوگراز سعی تپیدن رفتم
رفتم اما همه جا تا نترسیدن رفتم — روزبە،١٣٨٣، ١٦

رودكی دەڵێت:

بەشعر شكرنگەكن كە رودكی گفت است
هركسی را درویشی است ورنج وعیال — منصور.1373، 60

بیدل ازفهم كلامت عالمی دیوانە شد
ای جنون انشاءدگر فكر چە مضمون می كنی — اكبر بهداروند،10،1385

شعرم كەبەصدزبان فرود امدە است
درچندین وقت وان فرود امدة است
تورات نبودتابگویم كە همە
یكبارە زاسمان فرود امدە — سەرچاوەی پێشوو،11

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دیارەکوردییش لەم بەهرەیە بێبەش نیەوئەسپی خۆی تێدا تاوداوەو( نالی) بەخۆناسینەوە دەڵێت:

کەس بەئەلفاظم نەڵێ خوکوردییەخۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆیتالیبی مەعنا دەکا          مودەڕیس،٦٠،1976

لێرەوە نالی بەبەرگێکی کوردیەوەبە ترۆپکی بەخۆدا نازینەوە دەڵێت:

شیعربخەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆنازکی
کەلەدیققەتدایەتك دەعواگەڵ هەودا دەکات          مدرس،1387، 18

لەکن من باوجوودی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نیە ئەم شارە بێ تۆ     مودەڕیس،١٧،١٩٧٩.

حاجی کۆیش دەڵێ:

پەندی من خامی دەزانن خامەکان
شیرن وپوختەی دەزانن پوختەکان  ،شارەزا،میران،2707، 173)

ئەگەربەگشتی لە ڕوبەری ئەو دەقانەبڕوانین بەڕوپێویکی زەمەنی و بەکۆی سەردەمە ئەدەبیەکانەوە،ئەوادەمانبەنەوە سەرلایەنێکی گرنگی پێوەرەکان ئەویش لایەنی دەرونییە،هەر چەندێکیش خستنە ڕوی کەسایەتیە ئەدەبیەکان جیاواز بن، ئەوانەرجسییەکان ڕوبەری خود فراوان دەکەن و جگەلەنیشاندانی خود وەك لە (شانامەی فیردەوسی فارسی وعەبسی عەرە بی وقەلای دمدم ودوانزە سوارەی مەریوان)بکوردیدا بەرچاو دەکەون،کە دوا جار هەرهەمووبلەقاڵبی شانازی کردن بەخۆدادەخرینە ڕوو.

لەڕاستیدا ئەمانە ناڵاندنی ناوەکیە،کەخودلەوشەوەدەرپرینەکاندادةخاتە ڕو ،بەمەش خۆی دەخاتە ژێربارگرانی دوڕیانێکی دەرەکی لەژینگەیەکدا کە ئەوی لە فراوان ئاستدا تێدا دەبینرێ، لێرەوە شکستە دەرونیە ناوەکییەکان لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست خۆی دەکووتێت.

ئاشکرایەنەرجسیەت دەردێکی نەخوازراوەو گرێیەکی دەرونی،تەنانەت ئاماژەی ئاینیش ئەم لایەنە فەرامۆش ناکات و بە ڕوونی قورئانی پیرۆز دەیخاتە ڕو دەفەرموویێت:

((واخفظ جناحك لمن اتبعك من المؤمنين))          قورئانی پیرۆز،الشعراء، 215

لەم فەرمانە ئیلاهیەدا بۆپەیامبەری خۆشەویست(د.خ )کە داوا کردنێکی ڕونە بۆخۆبە دور گرتن لەگەورەیی نیشاندانو فەرامۆشکردنی لوت بەرزیە، دەردەکەوێت کەئەم سیفەتە چەندە قێزەون وبێزراوەوپڕکردنەوە بکەلێنە ڕەفتاریەکان نەبێت شتێکی ترنیە، دوبارە قورئانی پیرۆزجەخت لە دورکەوتنەوە دەکات لەم دەردە نەخوازراوەو دەفەرموێت:

((تلك الدار الاخرة نجعلها للذين لايريدون علوا فی الارض ولا فسادا والعاقبة للمتقين))، قورئانی پیرۆز،القصص،83

کەواتە خود بەپێی جەوهەری لە زۆرباراخۆیدەنوێنێ،هەندێکیان دەبەخشن و هەندێکیان پیسکەوەدەست لەگەردەن، نەرجسیەت ئەوکردارانەیە، کە لە ڕێگەیەوە پارێزگاری لە ئایدیاکانی خود دەکات وسنورە بێکۆتاییەکانی دەردەخات، زۆرجار کەسایەتییەکی زبرو تورە، بەڵام بەردەوا م پشتی ئەوزبرو تورەبوونە هەستەکانی شەرم وتەریق بونەوەخۆی حەشارداوەو دیدو بۆچونەکانی ئەوانی تربەرەش و سپێتی دەبینێ، بەشێوەیەك کەسەکان یاچاك یا خراپن، ئەمەش هاوتای بینینی کەسایەتی نمونەیی خودە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 1-18

## تەوەرەی دووەم: خەسڵەت وسیفاتەکانی کەسی نەرجسی

دیڤیدتۆماس لەساڵی (2012)ز دا لە پەرتوکێکدا بەناونیشانی ( نەرجسیەت لە قولاییدا) چەندین تایبەتمەندی و خەسڵەتی نەخوازراوی نەرجسیەکانی بەم جۆرە دەست نیشانکردووە:

1. ناهاوسەنگی لە پەیوەندییەکانیداو ڕازیکردنی کەسەکان لە خۆی ئەرکێکی گرانە بەلایەوە.
2. لەدەستدان ونەبونی وشیاری سایکۆلۆجی بۆخۆبەدور گرتن لەکێشەو گرفتەکان.
3. لەدەستدانی هەستکردن بەوانی تر.
4. خوازیارە ئەوانی تر لەژێرباڵ وسێبەری خۆیدا بسرێتەوە.
5. هەستیارییەکی زیادەڕۆبۆ هەربۆچونورەخنەیەك بەرامبەری.
6. ڕۆچونو هەستکردن بە بێئابڕویی .
7. زمانی جەستەیی لوت بەرزانە.
8. نەفرەت لە کەسانی تر کردن کە پێی سەرسام نین.
9. توندوتۆڵکردنی پەیوەندی وپێ سەرسامبون بەکەسانی کاسە لێس دوروئەوانەی پێی سەرسامن.
10. بەکارهێنانی کەسانی تر بێگوێدانە شەرم و بارگرانی.
11. بانگەشەی خۆبەشت زانین.
12. شانازی کردن بەکارو کردەوەکانییەوە .
13. بانگەشەی ئەزمونداری لە هەموشتێکدا.
14. بێتوانایی بینینی جیهان بەچاوی کەسانی تر.
15. نەبونی پەشیمانی وگلەیی لەخۆکردن. الحوار المتمدن،2015

هەروەها( ساندی هۆتشکیس) زاراوەیەکی نوێی بووکەسایەتیە نەرجسیەکان بەکار هێناوبە (حەوت هەڵە ) کوشندەکانی نەرجسیەکان ناویهێناوە،کە بریتین لە

1. **چەپەڵی:** ئەم کەسایەتیانە ناتوانن شورەیێتی و بێ ئابڕویی لەخۆیاندا چارە بکەن، کەسانی وشیار دۆخەکانی خۆیان بۆ پزیشك یاکەسانی تر باسدەکەن، بەڵام ئەمانە ئەو سیفەتانەیان بەخەڵکی تردا هەڵدەسوون.
2. **بیروڕایا هەستکردنی سیحری:** ئەمانە وا بیر دەکەنەوە کە کامڵ و بێهەڵەن ئەمەش بیر کردنەوەیەکی یوتۆپییەوبۆگەشتن بەو مەبەستە پەنا دەبەنە بەر شێواندن، درۆ دەڵەسەو هەڵبەستن بەردەوام ئەم تومەتانەلەخۆی بەدور دەگرێ بەکەسانی تردا دەیسوێ.
3. **خۆفشەڵ کردن:** خۆبەزل زانین، فووکردنە خۆ،بەسوك سەیرکردنی کەسانی ترو پشت خستنیان.
4. **کینە وبەخیلی بردن:** خۆبەزلزانیەکەیان وادەکات هەمیشە لەرزۆ کبن، هەست بە ئارامی ناکەن بەرامبەر بەوانەی لەوان بەتواناترن، بۆداپۆشینی ئەمدۆخە پەنادەبەنە بەر بێنرخ سەیرکردنیان.
5. **هەقبون و شایستەیەتی یا ماندویەتی و هەقبون:** واسەیری خۆیان دەکەن کە ئەمانە تایبەتن لەوانی ترو ئەوان دبێت کوێرانە مل کەج وفەرمانبەر بن.
6. **بەکار بردن و سووخرە کەشی:** بەکاربردنی کەسانی ترلەڕووی مادییەوە،بێئەوەی بەتەنگ هەست و بەرژەوەندی کەسی ترەوە بن، چێژلەکڕنوش بردنی کەسانی تروەرگرتن، سودوەرگرتن لە توانای نەختینەی کەسانی تر .
7. **سنوری کەسێتیان لەگەڵ بەرامبەریدا لاوازە:** ئەمانە باوەڕ بە سنووری نێوان خۆیان و ئەوانی تر ناکەن،کەسی بەرامبەر دەبێت تێرکەروتەواوکەری پێویستیەکانی ئەو بن یا نەبونیان باشترە،دەبێ هەمیشەلەژێر سێبەری ئەماندا بن. الحوار المتمدن،2015

لێرەوە ئەم خەسڵەتانە لە بەرهەمی شاعیرانی نەرجسیەتدا دیاردەیەکی ڕون و بەچاوە، کە ڕادەی بە خۆدا نازین ولوت بەرزی و فەرامۆش کردنی ئەوانی تر لە خەسڵەت و بونیاتە دەقیەکانیاندا کۆدەکاتەوە، لێرەوە ئازارەکان گوزەرێکە بۆ گەڕان بە دوای داهێنانەکاندا، کە نمونە شیعریەکانی هەرسێ نەتەوە ڕاستیەکان دەخەنە ڕو .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

حاجی قادری کۆیی دڵێت:

کە حاجی غاری دا ئەسپی لەمەیدانی سوخەنڕانی
بەجێ ما نالی وەناڵی،دواکەوت کوردی وەك گەردی      مودەریس، 1976، 49

هەروەها دەڵێت:

هەروەکوشارانی تر کەس ئاشنای کۆیە نەبوو
شوهرەتی ئەبیاتی من خەڵکی لەسەر کۆکردەوە      میران، شارزا،2016، 25
هەر لەمبارەوە کەمالی دڵێت:

پەیڕەوی حەمدی ئەکەم دائیم کەمالی بۆیە وا
ویردی خاس و عامة ئە شعاری تە رە ب ئەفزای من      باپیر،1986، 93

کەمالی دەڵێتەوە:

گوێ مەدە شیعری بەدکەمالی شیعری تۆ
ساف وشیرین و ڕەوانە هەر لە شەکەر و شیر دەکا      هەمان سەرچاوە،48

کەمالی لەبەخۆدا نازیندا سنوور والاّ دەکات وموتەنەبی عەرەب ئاسا تاوی ئەسپی دەدات و دەڵێت:

شکا بازاڕی قەندی میسرو بەلجیکا لەناو کوردا
لە شیعری تۆکەمالی شەککەرو قەندهێندە وەرگیرا      سەرچاوەی پێشوو،36

حافزی شیرازی دەڵێت:

شعر حافظ همه بیت الغزل معرفتست
افرین بر نفس دلکش ولطف و سخنش      پژمان،1366، 132

سعدی شیرازیش دەنگی بلیمەتی وکارامەیی لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا بەگوێماندا دەچرپێنێ:

اگر هست مردا ز هنر بهرەور
هنر خود بگوید نەصاحیب هنر      فروغی،1366، 49

سعدی شیرازی دەڵێتەوە:

پندسعدیکەکلیددرکنج است
نتوانندکەبجای اورد الا مسعود      سەرچاوەی پێشوو، 585

خاقانیش شۆڕەسواری بەخۆدا نازي نولوت بەرزی خۆی دەخاتە ڕوو دەڵێت:

شرق و غرب اتفاق کرد بر انك
مبدع معنی افرین باشم      دشیرازی،1372، 185

پشکی عەرەبەکانیش لەم ڕووەوە پشکی شێرەو نەرجسیەتیان سەر لە ئاسمان دەسوێت وسنورەکانی نەرجسیەتیشیان بەزاندوە کە هەموشت لە خودی خۆ یاندا کۆدەکەنەوە صالح شرنوبی میسري دەڵێت:

یامنای اخلدی ویا نفس طیبی      اصبح الفن کله من نصیبی
ان فی الفن قوتی وخلودی      ویقینی أذا فقدت یقینی      اسماعیل.1963.33

دەرخستنی خودی خۆپەرست وخۆبین دەرەنجامێکی سروشتی کەڵێنە دەرونیەکان:هەرئەمەشە ئەفراندنە بەرزە ئەدەبیەکان، دەخوڵقێنن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

(زاخس) لەمبارەوە دەڵێت:

((هەردوئامانجی لاشعوری شاعیران کەمکردنەوەی هەستکردن بە گوناهەوقەرەبوکردنەوەیەتی بە نیشاندانی نەرجسیەت)). سەرچاوەی پێشوو،35

ئەم ڕاستیە بەسەر هەردو قوتابخانەی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی دا دەسەلمێنرێن و لەوانەشەوتەکانی(زاخس) بیانگرێتەوە، سوککردنی بارگرانی وهەست بەگوناهکردن بەنەرجسیەت پاساو بدەنەوەلە قوتابخانەی ڕۆمانتیکدا، بەڵام لەکلاسیکدا پێچەوانەکەی دروستە، پاساودانی نەرجسیەتی کلاسیکی گرنگی دان و ڕۆچونی شاعیرانە بەرەگەزەکانی جوانناسی و کارامەیی دەقە هونەریەکان، وەیا وەك عەرەبەکان دەڵێن هەموشاعیرێك شەیتانێکی هەیەو بەگوێیدا دەچرپێنێ.

لێرەوە ئەدەب بە گشتی وشیعر بەتایبەتی ئەگەروا نەبوایەئەواچێژیان باڵی لەگەڵ ڕەشەباکاندادەگرتەوە، چونکە شاعیرچڕکردنەوەی خودەونیشاندانیەتی وەك(نزارقەبان) بدەڵێت: ((ڕۆژانم لەگەڵ حۆری شیعردا یە،ئەگەر هەموشی مانگی هەنگوینی نەبێت)). دیوان العرب2018، 5.

هەروەها (ڕۆبیرت رسکین) و (کاڵفین اس) و(هال)لەسالی 1979 ز دا دەڵێن:

((نەرجسیەت خۆبە زلزانێکی نەخوشیانەیەو ئاڵۆزییەکی هۆشەکی، مرۆڤ والێدەکات هەست بەگرنگی و ئەهمیەتی خۆی بکات )). سەرچاوەی پێشوو،5

هەروەها (بەرجلەر) دەڵێت:

ئەو مرۆڤەی دوچارەو دەناڵێنێ، ئەوە ئەو کەسەیەکەداهێنان دەکات )). اسماعیل،1963، 7

عزالدین اسماعیل لەم بارەوە دەڵێت: ((دەرون ئەەب دەخولقێنێ، وەك چۆن ئەدەب دەرون دەخولقێنێ)). سەر چاوەی پێشوو.١٣

1- نەرجسیەتە خۆبەزل زانەکان
2- نەرجسیەتە لێکترازاوکان

یەکەمیان: بەربلاَوترین جۆری نەرجسیەتە و بەڕوی خەڵقدا کراوەیە وهەوڵی زاڵبون وگەڕانی هەیە،لە هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجو بە دەستهێنانی دەسڵاتن،زۆر جار وەک سیاسی یا کەسانی دەرکەوتودەبینرێن

جۆری دووەم: هێمن ولە سەرخۆن،درکێکی باڵایان هەیە، بەڵام لەئەنجامدا ڕوی تاریکی دەنوێنن ولەوانەیە بڕیاری هەڵەو شێلگیرانەی بەدەر لە ڕەوشت بدەن وئەمانە هەڵخەڵەتێنەرودڵسۆز نین.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-18

**تەوەرەی سێیەم: من لەڕووی دەروونیەوە**

( فرۆید) لەساڵی 1932 ز بەپێی تیۆری بونیەوی بیرۆکەی دابەش کردنی عەقڵەکان بەم جۆرەدەخاتە ڕوو:

1- عەقڵی بە ئا گا ( من )
2- عەقڵی بی ئاگا (ئەو )
3- (من)ی باڵا علم النفس الاجتماعی،402،403،1984

لێرەوە فرۆید لەڕوانگەی پەیوەندی نێوان دینامیکیەتی (هۆش، بێئاگایی، من )ەوە، کە:

(من) ی باڵاکەسێتی مرۆڤەکانە لە سایەی عەقڵ و وریاییەوە هەنگاو دەنێت لە ژێر بارگرانی بەها ڕەوشتییە کۆمەڵایەتییەکاندایێچەوانەی (ئەو) کە هەموبەهاکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە وخۆی دەکاتە تاج وسونبولی.

فرۆید دەڵێت: ((شاعیرەکان لاشعوریان پێش من دۆزیوەتەوە ناسیوە)). اسماعیل.1963، 29

بەم پێیە بەرهەمی شاعیران دەرگای ناسینی چارە سەری کێشە دەرونیەکانیان دەخاتە ڕو،تاتوێژەران وخوێنەران دەرفەتی دزە کردن ناو قوڵاییە شاراوەکانی جیهانی دەرونی شاعیرانیان بۆ برەخسێ .

خوێنەگەر بگەڕینەوە بۆ یۆنانیەکۆنەکان،ئەوا دەبینین ( ئەرستۆ) بە چەمکی پاکردنەوە لەچۆنیەتی کاریگەری تراجیدیا لەجەماوەری دەڕوانی، ئەمەش دەرخستنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەرونە لەسەر بنەمای زانستی، هەرچەندە دەشێت ئەوان درکیان بەم ڕاستیە نەکردبێ،هەمان ئەم پەیوەندیە دیالێکتیکي لای عەرەبەکان هەنودەبینرێ، وەك(عوقاد، تەها حسێن) و کەسانی تریش، کە هەوڵی خستنە ڕووی ڕاستي دەروونی شاعیرانی عەرەبیان داوە، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕاڤەدەرونیانە لای توێژەران و پسپۆڕانی کورد لە ئاستێکی نزمدایە،ڕاستی ئەمەش لە تیروانینی هەریەکە لە(ئەندرییف، دۆستۆفسکی ) کەلەکەسایەتی ڕوخاوی ڕوسی دەڕوانن، هەربۆیە (فرۆید)ئامانجی ڕاڤە کردنی زیادە ڕۆییە ناعەقڵآنیەکانە، بەم پێیەدەروونناسی کۆڵینەوەیە لە ڕەفتارەکان، (عەباس مەحمودعوقاد) دەبارەی (ئەبونەواس) دەڵێت:

((نەرجسیەتی شزوزێکی دیاریکراوە بەرەو زۆر جۆرمل دەنێت: وەسەنیەتی زات، خۆئاوێزان بوون)).

ئەم دۆخە لانزۆرێك لە شاعیرانی ئێرانی دەبینرێ وەك خاقانی شیروانی، کەدەڵێن تەنانەت دەقێکی نابینی کە (خود)ی تێدا نیشان نەدابێت، جگە لەمە شاعیری فارسی ترمان هەیە کەلە زیادە ڕۆچووندا خاقانی تێپەڕاندووەو تەنانەت لە خۆویستیداهێرش دەکاتە سەرخودی خاقانی، وەك (جەمالەدین عەبدول ڕەزاق)ی ئەسفەهانی کە لەزیادەڕۆچوندا نیشاندانی نەرجسیەتداسنوری تێپەڕاندووە و دەڵێت:

کیست کە پیغام من بەشهر شروان برد
یك سخن ازمن بدان مردسخندان برد
گویدخاقانیا این همەناموس چیست
نە هرکە دوبیت گفت لقب زخاقان برد دستگردی،1385، 104، 106

وەیا دەڵێت:

من بدیع طبع و این جزالت لفظ
راست مسعود سعد سلمانم سەرچاوەی پێشوو،٢٦٦

حافظی شیرازی دەڵێت:

شعر حافظ در زمان ادم اندرباغ خلد
دفتر نسرین وگل را زینت اوراق بود سەرچاوەی پێشوو،111

استاد غزل سعدیست پیش همە کس اما
دارد سخن حافظ طرز سخن خواجو سەرچاوەی پێشوو،٢٦٧

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

عنصري دەڵێت:

غزل روکی وارنیکوبود
غزلهای من رودکی وار نیست   سەرچاوەی پێشوو،٨٧

بیدل دهلوی دەڵێت:

معنی بلندمن فهم تند می خواهد
سیرفکرم اسان نیست کو هم وکتل دارم   بهداروند،١٢٨٥، ١٦

خاقانی دەڵێتەوە:

هنوز گویندگان هستند اندر عراق
که قوت ناطقه، قوت از ایشان برد
یکی از ایشان منم که چون کنم رای نظم
سجده بر طبع من روان خسان برد   اطلاعات،1389، ٣٩

ئەنوەری دەڵێت:

هربلای کزاسمان اید   گرچەبردیگری قضا باشد
برزمین نارسیده،می گوید   خانه انوری کجا باشد   نفیسی،1376، 596

لەڕوی لایەنی شیکردنەوەی دەروونیەوە عەرەبەکانیش پشکی شێریان هەیەو دەقی بەرزوجوانیان لەڕوی ئاڵۆزی دەرونی وخۆویستیەوە خستوەتە بەر دەستو لەو ڕووەمتنبی دەڵێت:

ای محل ارتقی   ای عظیم اتقی
وکل ماخلق الله   وما لم یخلق
محتقر فی همتی   کشعرة فی مفرقی   فارووق،١٩٩٧،٦٥٧،٦٥٨...هەروەهابشری علیشە؟ ٤٥

هەروەها دەڵێتەوە:

لابقومی شرفت بل شرفوابی
وبنفسی فخرت لا بجودی.   المواسی،٢٠١٨، ٣٥ هەروەها بشری علیشە، مکتبە الغن،٣٥

لێرەدا لە بەخۆنازینداهەموئاستەکان پشت سەردەخات و ترۆپکی نەرجسیەت لە و پەڕی لوت بەرزییەوەنیشان دەدات:

محمد مهدی جواهیری دەڵێت:

کذبوا فملء فم الزمان قصائدی
ابدا تجوب مشارقا ومغاربا   دار الحریة،2001، 566

کوردوئەدەبی کوردیش پیگەیەکی شیاو لەم ڕووبەرەدا دەگرن و دەقی نایاب لەم ڕووەوە دەخەنە بەردەست، چونکە خواستەناخیەکان لە شاعیراندا بە کوردیشەوە دەبنەهێزی سەرەکی بەگژداچووبۆدەرخستنی ناخ و بەر هەمهێنانی دەقی هونەری، بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەري ودڵنیاییە لە ژیانداو ئارەزوویەکی بێکۆتابۆ ەر هەمهێنانی کاری ئەدەبی،چونکە لەشادەماری دەقەکانداکەم و کورتیەکانی ژیانیان دەبنە هێزی خوڵقێنەری بەرزو نەمری ئەدەبی.

دووبارە حاجی دێتەوە مەیدان و دەڵێت:

بەیتی نالی وبەیتی من گەر تێکەڵی یەکتر دەکەن
ئەحمەقی سوورەت پەرست وجاهیلی مەعنا نەزان   حەمید،شارەزا،2707، 223


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هەروەها دەڵێتەوە:

بەتەزمین فەردەكی نالی دەهێنم تارەفیقانم
بزانن فەرقمان زۆرە خەزەف قەت وەك گەوهەر نابێ        عەبدولا،2016 192

كەمالی شاعیر كوردی بێبەش نەكردووە لە دەقە هونەریە نەرجسیەكانی ودەڵێت:

سیحرە ئەشعاری بەلیغت ئەی كەمالی ئافەرین
قیمەتی شیعری هەزاران شاعیری غەرات شكاند
باپیر،1986، 64

هەروەها دەڵێتەوە:

شاعیری كوردە كەمالی فیكری بیكرو وردی ئەو
وا ڕەواجی شیعرەكانی شاعیری پێشین دەبا        سەچاوەی پێشوو، 41

هەروەها دەڵێتەوە:

كە ئەشعارم دووڕوگەوهەرقەتار ئەندەر قەتار ئەڕوا
كەمالی بۆنیشاری مەقدەمی جانان تەماشا كە

سەرچاوەی پێشوو، 44

حاجی قادری كۆیی دووبارەدێتەوەمەیدان و دەڵێت:

حاجی بەشیعرەكانی وەك كاوە
ڕۆژێ دەبینن درەفشی هەڵداوە        عەبدولا،11،2016

هەروەها دەڵێت:

لەكوردان غەیری حاجی وشێخی خانی
ئەساسی نەظمی كوردی دانەناوە    سەرچاوەی پێشوو، 10

هەروەها دەڵێت:

ئەوی شاعیرنەبێ كۆرە وەجاغی
لە سایەی شیعرەكانم بابی كوڕانم        سەرچاوەی پێشوو،33

حاجی دەڵێتەوە:

نەزمی نالی میسلی ئاوئاوێنە ڕەنگی نیە
دوو ڕووە بۆسەیری خاتر یەك خەفی یەك ئاشكار.    مودەڕیس،٤٣،١٩٧٩

حاجی لەتڕۆپكی نەرجسیەتدا خۆی جاڕ دەدا و دەنگی لێبەرز دەكاتەوە:

نالی وخاكی بەبە، حاجی كۆیە بە مە ڤە ل
عەینیهی حافظ و شیرازە كەلیم و هەمەدان
عەبدولا، 2016، 111

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

نالی دەڵێت:

نالی نیەتی سیحری بەیان حیکمەتی شیعرە
ئەما نیەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا. مودەڕیس،1977، 152

به تێروانینێکی گشتی بەودەقانەی (کوردی،فارسی، عەرەبی ) دا دەبینین وەڵامدانەوەیەکی ناوەکی ودەروني شاعیران کارلێك و بزوێنەری ڕەگەزەکانە لەخوڵقاندنی دقە هونەرییە بەرزەکانیاندا،ئەمەش پەرچە کردارە چەپاندنە دەروونییەکانە لە بونیاتە جیاواوە یاچوارچێوە نەتەوەییە جیاوازەکاندا.

لێرەشەوە ئەم دەقە هونەریانەدەبنە جێگەی بایەخ وڕاکێشانی سەرنجی لێکۆڵەرو ڕەخنەگران لە هاوکێشەی ڕاڤەی دەرونی کارە هونەرییەکان، کە دەرەنجام ڕووە شاراوەکانی یاگرێ دەرونیەکانی ژیانی ئەدیبان لە تاریکییەوە ڕۆشن دەکەنەوە،کە دوا جار ئەمکارانە ڕەنگدانەوەی بەرونی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لەفراوانترین ڕوبەریدا دەبینرێ،بۆیە ئەدیبان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدەن و خوێنەر یا وەرگرەدەبێتە زەمینەی بەرجەستەکراوی کارە بەرزە هونەرییەکان،لێرەشەوە کارە ئەدەبیەکان دەخەملێن ودەبنە ناسنامەی خاوەنەکانیان، لەمبارەوە (زاخس) دەڵێت:

((سووککردنی بارگرانی وهەست بەگوناهکردن،وە قەرەبوی نەرجسییەتەکەی دوئامانجی سەرەکی شاعیرانن)). اسماعیل،35،1963

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەدیبان بەگشتی بەرهەمەکانیان ناخوڵقێنن لە پرۆسەی چێژ وەرگرتنی عەقڵیدا،بەو ئەندازەیەی چێژ وەرگرتنە لە بەرهەمهێنانی هونەریدا،بەواتا چێژوەگرتن لە داهینانن هەوێنی خوڵقاندنە، ئەمەش دەرچەیەکی دەرباز بوونە لە دۆخە دەرونیەدارماویەکەی،چونکە شاعیر بەردەوام خوازیاری دەربازبوونە لەواقیعەکەی،بەڵام ئایا ڕاکردن و پشت کردنە واقیع شیاوە ؟ ململانێ لنێوان خەیاڵوواقیعدا نیە،خەیال ڕەگەزێکی بنەڕەتی کاری بەرهەمهێنان و داهێنان،ئەندێشەو واقیع دوو فاکتی سەرەکی گواستنەوەی ململانێی ناوەکی شاعیرانن و دۆخی دەرونی شاعیران لێرەوە سەرچاوە دەگرێ وهەر لێرەشەوە (خود) دەبێتە تاجی سەروەری و چەقی نەمری.

عەنتەرەی کوڕی شەداد دەڵێت:

ولو ارسلت رمحی مع جبان
لکان بهیبتی یلقی السباعا عطوی،154،1980 هەروەها مواسی،2018،الصفحة الاساسیة

موتەنەبی دەڵێت:

انام ملءجفونی عن شواردها
ویسهر الخلق جراها ویختصم
الزهراء للاعلام العربی،253،2004 هەرەها، فاروق، 1997، 334

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

سولەیمانێکە کە نالی ساحێب دیوان و فەرمانە
نیە کەس بێتە مەیدانی مەگەر حاجی خود ئاسایە عەبدوڵا،١٥٣،2016

حاجی دەڵێتەوە:

وەکو خەمسەی نیزامی گەنجە
کە لەلای خەڵکی کیمیاوگەنجە
یاوەکو بەیتی شیرینو فەرهاد
شیعری حاجی لەبەرکرایە میران،٢٩٤،٢٠١٦


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

حافظی شیرازی دەڵێت:

چوسلك درخوشابست نظم كلك تو حافظ
کەگاه نطق سبق میبردزنظمی نظامی

دەڵێتەوە:

ببارم تضمین سه بیت متین
که نزدخردبه زدر ثمین فروخی، ١٣٦٦،، نودوهشتم

**تەوەرەی چوارەم:**

**أ: من لە ڕوی زاراوەییەوە:** بەڕای زۆربەی دەروونناسەکان من نزیکیەکی لەگەڵ لایەنی زمانەوانیدا هەیە،(من) کەسی، قسەکەر دەربڕەم لەخود بەرامبەر ئەوانی تر، یادەربڕینە لە ناسنامەی کەسێتی(من) مکان پێویستە(من)ێکی بەشدارلەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەگشتی و مرۆڤایەتیەکان بە تایبەتی بن، بەو پێیەی تاکێکەخاوەنی تایبەتمەندیە کەسیەکانی خۆیەتی، هەندێك ڕای تر(من) بەوە لێکدەدەنەوەکە بیرکەرەوەیە، چونکە بیرکردنەوە کردەیەکی دەرونی ڕوتە، کەواتە (من) کۆی بیرکردنەوەوبیرهاتنەوەکانە،ئەمەش سەرچاوەی داهێنانەووەڵامدەرەوەیەکی ناخ.

**ب: پەیوەندی نێوان من وخود:** (من) کۆمەڵێك هەستە کە مرۆڤ لەڕەفتارەکاندا درکی پێدەکات وهەمیشە دەبێتە بیرخەرەوەیەك بۆیادەوەریەکانی وپاڵنەرە بۆئەنجامدانوبە دەستهێنانی کارەکانی(من)، زۆر جارتەوەرەی سەرەکی بەکارهێنانەکانی شاعیرانە، ئەمە بەڕونی لای عەرەبەکان زەقدەبێتەوە ولە بەکارهێنانەکانیاندا بەرچاودەکەوێت، وەك: (انا ابن اللقاء،انا ابن السماء،انا ابن الطعان، انا ابن الضراب).

ومجدی یدل بنی خندف على ان كل كريم يمان
انا ابن اللقاءانا ابن السخاء انا ابن الضراب انا ابن الطعان
انا ابن الفيافى انا ابن القوافى انا ابن السروج انا ابن الرعان.
فاروق،531،1997 ,532 هەروەها (الزهراء للاعلام العربى،2004، 22

بەڵام (خود) کۆمەڵێك ڕاو وبیرو باوەرە کە مرۆڤ لێرەوە ناسنامەی دەردەکەوێت لەوژینگەیەی کە یادەوەریەکانی تێدایە،ئەمەش وێنایەکی تایبەتی خاوەنەکەیەتی لەکۆی کردارەکانیدا،لە ڕوی زمانەوانیشەوە (من) ڕاناوێکی سەربەخۆیەودەربڕینە لە خودی قسەکەر،لە ڕووی دەلالیشەوە دەربڕینێکی سەربەخووتاکیە هەمیش لەڕوی واتاییەوە، هەروەها جیاکردنەوەی سیفاتی خودییە لە ڕوی هەڵسوکەوت وخوڵقی وئەندێشەییەوە و زۆر جاریش دۆخێکی باڵادەنوێنی بەسەر کەسانی تردا،ئەمەش کردەیەکی نەخوازراوە و قورئانی پیرۆزیش بەجوانی دەیخاتە ڕوو:

((فقعوا له ساجدين، فسجد الملائكة كلهم اجمعين الا ابليس كان من الكافرين)). ( قورئان،

بەگشتی(من)لای شاعیرانی ڕەوتی نەرجسی بوەتە ئاوازێکی شیعری وبونیادێکی بیری.

ئەبوعەلامەعەڕیدەڵێت:
انى ادرك متى شئت وغيرى
من الشعراء فانهم يسهرون لاجله فروخ،127،1979 ) هەروەها القافله،٢٠٠٦

وەیا دەڵێت:

وانى وان كنت الاخير زمانه
لات بمالم تستطعه الاوائل فروخ،1948، 43،51 هەروەها القافلة،2006

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

وه يادەڵێت:

اذا ماقلت نثرا اونظما
تتبع سارقوا الالفاظ لفظى　　　كبابه،حمد، ٢٠٠٤. ٢٢

متنبى دەڵێت:

انا الذى نظر الاعمى الى ادبى
واسمعت كلماتى من به صمم.　　　فاروق،١٩٩٧، ٣٣٤ هەروەها الزهراء للاعلام العربى،2004، 252

محمودسامى بارودیش دەڵێت:

انا المرءلا يثنيه عن درك العلا
نعيم ولا تصدواعلية المفاتيح
وما الدهر الا من رواة قصائدى　　　فاروق،1997، 10

وه یا دەڵێت:

سيعلم الجميع ممن ضم مجلسنا
باننى خير من تسعى به قدم　　　فاروق،1997، 1 هەروەها،القافلة،2006

هەر لەمبارەوه بدوی جەبەلی سوری دەڵێت:

الخالدان ـ ولا اعدالشمس ـ شعر والزمان

دووباره دەڵێتەوە:

كل مجد يغنى ويبقى شعرى
شرف باذخ ومجد اثيل　　　القافلة،2006

ئەحمەدسافی نەجەفي دەڵێت:

سفينة الاشعار لما هوت
فى بحرها كنت له نوحها
افرغت فى الاشعارروحى كما
افرغت الاشعاربى روحها

هەروەها دە ڵێتەوە:

ارشعراءالعصرضلواطريقهم
لذالك ابى الاجتماع بجمعهم
وشعرى يأبى الاجتماع بشعرهم.　　　النجفى،5،1962

له دیمه نێکی هه ڵچوودا كه هه موان له ژێرباڵی خۆیدا ده بینێوبگره مووتەنەبیش تێدەپەڕێنێ ونووقڵانه ی دابەزینی وەحی شیعریی له ئاسمانەوەلێده دات و دەڵێت:

ان جئت بالشعركالايات مبتكرا
فلم اشأذاك لكن خالقى شاء
فلم افكر بشعربكيف جاء اذن
كأنماالله قداوحاه ايحاء.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

نشروا قصائدهم بجانبنا
لاوزن ولا معنى ولا مبنى
بيت لنا يسوى قصائدهم
بجمالهوتكتل المعنى سه رچاوه ی پێشوو،5

عباس چیچانی شاعیرمیللی عێراقیش ترۆپکی نەرجسیەت وشانازی کردن له خۆیدا چڕدەکاتەوه ودەڵێت: انا استحق نوبل قبل اوباما.

فارسەکانیش بەهەمان شێوەپشکی خۆیان لەچەند دەقێکی بەرزی خۆویستیدا دەهاونه ناو مێژوی نەرجسیەت وجامی شاعیریان دڵێت:

در شعر سه تن پیغمبرانند
قولی است که جملگی برانند
هرچندکەلانبی بعدی
فردوسی و انوری و وسعدی. نفیسی،1376، 34 خاقانی دەڵێت:

شاعر ساحر منم اندر جهان در سخن از معجزه صاحب قران
از شجر من شعرا میوەچین وز صخف من فضلا عشر خوان. رضایی،کوه،اندیشه.شماره،٨

هەروەها دەڵێتەوە:
من که خاقانیم بەباغ سخن
عندلیبم ولیك نوحه گرم شیرازی،١٣٧٢، ٤٨

قائانی شیرازیش دەڵێت:

کتاب شعر تو قأنی اربجوی نهد کس
زاب یك دو قدم بیشتر رود ز روانی. رهبری،١٣٦٣،٧٥٨

ئەنوەری ئەبیوردی دەڵێت:

صوفیی صافی چوسلطان طریقت بوسعي
شاعر نادر چومشهور خراسان انوری نفیسی،1376، 21

هەروەها دەڵێتەوە:

این همه بگذار، باشعرمجرد امدم
چون سنایی هستم اخر، گرنەهمچو صابرم سەرچاوەی پێشوو،24

دووبارە دەڵێتەوە:

دادند مهتران لقبم انوری ولیك
چرخم نگر چەخواند خاقان روزگار سەرچاوەی پێشوو،44

رودکی دەڵێت:

شد ان زمانه که شعرش همه جهان بنوشت
شد ان زمان که او شاعرخراسان بود منصور،1373، 13


Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دووباره خاقانی دێتەوە مەیدان ودەڵێت:

شاعر مبدع منم، خوانی معانی مراست
ریزه خور خوان من رودکی وعنصری سەرچاوەی پێشوو،59

شاعیرانی کوردیش جارێکی تر دەیسەلمێنن کە لە هەموو بوارێکدا گەر پێشەنگ نەبن ئەوا پاشکۆیەتی قبوڵناکەن وشەتاوی وشەی ڕەسەنی کوردی دەکەنە سەرباشقەی ئەم تەرزەی شیعرو شانلەشانی شاعیرانی نەتەوەکانی تر هەڵدەسوون وحاجی کۆیی شۆڕەسواری مەیدان دیتەوە گۆودەڵێت:

حاجی یە فیردەوسیی کوردستانەتۆش
گوێ وەکوو مەحمود مەدەقەولی بەدان عەبدوڵا، 2016، 121

هەروەها دەڵێتەوە:

سەعدی ئەبیامی خۆی نەبوو نانی
وەکو من بووگەڕۆك بێ خانی میران، شارەزا، 183، 2707

حاجی دەڵێتەوە:

لەمەیدانی فەساحەت تۆمەجالی
حەریری ونالیە وسەعدی و موسللی سەرچاوەپێشوو، 206

هەروەها دەڵێتەوە:

بیست وسێ بەیتە قەسیدەم هەر کەسێ گوێی لێ بکا
پێ لەسەرتاقی مەهوئەیوانی کیسرا دادەنێ هەمان سەرچاوە، 197

نالی وەک خۆی دێتە گۆودەڵێت:

نەزمی نالی میسلی ئاو وئاوێنە ڕەنگی نیە
دوو ڕووە بۆ سەیری خاتر یەك خەفی و یەك ئاشكار. مودەڕیس، 43، 1979

هەروەهادەڵێتەوە:

وەرە سەیری خیابان وبەیازی دەفتەری ناڵی
کەسەف سەف مەسرەعی بەرجەستە ریزی سەروی مەوزوونە سەرچاوەی پێشوو، 41

لەترۆپکی خۆناسینونەرجسیەتدا دەڵێتەوە:

زاهیرو باتین لەسەر لەوحی حەقیقەتیا مەجاز
ئاشنای سییری قەڵەم بێ غەیری نالی کەس نیە سەرچاوەپێشوو، ٤٢

دووبارەدەڵێتەوە:

لەسایەی قددی مەوزوونی ودووزوڵفە
لەنالی وشیعروتەسویری نەما باس. سەرچاوەی پێشوو، ٤٢


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**تەوەرەی پێنجەم: من لەنێوان کورد، فارس،عەرەب، دا**

مێژوو سیاسەت دوچەمکی کاریگەری دیاروزەقن کەئاسەوارەکانی هەمیشەلە ئەدەبدا ڕەنگ دەدەنەوە وڕەوت و ڕێچەکەی سنووردار دەکەن ئەگەر لەقاڵبیشی نەدەن،ئەمەش لەبەیەکداچونی دەقە شیعرییەکانی هەر سێ نەتەوەی کوردو فارس و عەرەبدا بەڕونی دەبینرێ، لەڕاستیدا مێژوی کۆلۆنیالی داگیرکەرانی فارس و عەرەب و دواتریش کاریگەری ئاینیش هێزێکی پاڵنەری مێژویی هەمە لایەنەی ئەوان بوەبۆپاشکۆخستن و کۆیلەو زەلیلکردنوچەپاندنی ئەزەلی ئێمە وەک کاڵا بەباڵایاندا بڕیوین، کە ئێستاش پێیەوە دەناڵین، هەر لەبەر ئەمەشە (من)ە کانی ئەوان نرکەیان دێت و(من) ە کانی ئێمەش نوزەلێبڕاوخەفە کراوە، ئەمە ڕاستییەکەو نکوڵی لێناکرێو دەرهاویشتەی دەلالەتەسایکۆلۆجیە مێژویی ونادادپەروەرانەزەمینیە.

بۆیەهێزی بەدەستهاتووئە دەبیمان هێزێکی بەرەنگاربووەلامدانەوی بونوەستانەوەمانە، دەروونناسی ئەگەر لە تاکبدوێ، ئەوا کۆمەڵناسی لەکۆمەڵ دەدوێ،هەر لێرەوەڕاستی ژیانمان بەدەستهاتوی ئەوواقیعەیەو پەرەسەندن و گەشەسەندنە هەم لایەنەکانیشمان بەئەدەبیشەوە هەمیشە لەئاستێکی نزمدایە.

بە`داخەوە تائێستا لێکۆڵەرانی کوردلایەنی دەروونیان فەرامۆشکردووەوئەگەر هەشبێت ئەوا تەواولەسنوورێکی بەرتەسکدابووە بە بەراورد لەگەڵ عەرەبوفارسەکاندا، چونکە نەکراوەتە لقێکی فراوانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

خاڵێکی گرنگ کە نابێت بەسەریدا باز بدەین (من) و(انا)کانی هەردونەتەوو ی فارس و عەرەبە، ئەوا لایەنی کۆلۆنیالی وسەردەستەیی بەڕونی بەرچاو و حاشا هەڵنەگرتووە،سەپاندنی ئیرادەوسەردەستەیی کوێرانە بووەتە دۆخێکی شۆفێنیزمانەی نادروست،کە بەنەتەوەی نافەرهەنگ ناودەبەین،ئەمەش بەواتا سڕینەوەو لە بەر چاو نەگرتنی مافە نەتەوەیی وکلتوریو ڕۆشنبیریەکانی نەتەوەکانی ترە کە لە سەرخاکی خۆیان دەژین ولەژێر سێبەری فەرمانڕەوایی ئەوانی سەر دەستدان و هەر ئەمەشە خاڵی جیاوازی (من )ەکانی ئێمەو ئەوان.

خاڵێکی ترنەبونی (تەها حسێن،عوقاد، زرین کوب) ەکانە لە ئەدەبی کوردیدا تا لایەنی دەرونی شاعیرانمان لە تاریکیەوە بەرەوڕوناکی سەر بخەن.

بەم پێیە ڕاستیەکانی ژیانی ئەدەبیمان وەلامدەرەوەیەکی یاپەرچە کردارێکی ناڵاندنەنەتەوەیی وخودیەکانەکەو دەرەنجامی شکستە دەرونیەکانن، ئەمەش نیشاندانی ئیرادەتاکی کوردە بەرامبەر بەوانی ترلەمێژوی ئەدەبیماندا،هەر ئەمەشە درککردنی شاعیرانمانە لە ڕوی لایەنی دەرەوەی ژیانی ئاڵۆزی هەمیشە گۆڕاودا، محمد محمود عبدالجبار دەڵێت:

ان علم النفس یدرس الشعورکما یدرس السلوك عبدالجبار،1984. 23

لەڕاستیدا لەبونی دەقی شیعریدا ترازوی جیاکاری بەرهەمی ئەدەبی دەبینرێ، جونکە دەقەکان نوێنەری ناڵاندنە دەرونییەناوەکییەکانن، نالی ئەم ڕاستییەی بەجوانی خستووەتە ڕو.

داخۆدەرونی سافە، گوڕەی ماوە، تانجەڕۆ
یاخوئەسیری خاکە بە لێڵی دەکا عوبور. مودەڕیس،١٩٧،١٣٨٧

بوگشتی ناڵاندنی یەخسیری وچەپاندن وداگیرکاری وپاشکۆیەتی دۆخێکی دەروونی پروکێنەری دەقی شیعریمان بووە،بۆیە هەمیشەدودۆخی دەرونی جیاواز بەرهەم دەهێنن لەبونیاتی ئەدەبیدا،لەگەڵ ئەوەشدا وەستانەوەو سەلماندن ماکی بەردەوامی نەتەوەیی هەناوی شاعیران بووە وبوەتە خەسڵەتێکی بەهادار لەسەروەری بەرهەمی نەتەوەیماندا وهەم نیشاندانی تواناوسەنعەتی شیعری هاوشانی شاعیرانی کوردە بەوانی تر.

کۆتا دەقێکیش، کەدەبێتە بارتەقای تەواوی باسەکەبە هەرسێ زمانەکە، دەقێکی فارسییە، کەدەڵێ:

رنج خود بینی درانسان زادەناگاهی است
انچەسوزاندجهان را اتش خودخواهی است

لێرەدا بەجوانی وێنای تەواوی خۆپەرستی لەناوەرۆکێی پرواتاومانادانیشاندراوە،کەبێئاگایی و وغەفڵەت زەدەیی بەمرۆڤەوەگرێ دەدات وئەوەی جیهانیش وێران دەکات ودەسوتێنێ ئاگری خۆپەرستییوخۆبینییە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-18

**ئەنجامەکان:**

لێکۆڵینەوەکەمان سەبارەت بە ڕەوتی نەرجسیەت لە نێوان( کورد، فارس، عەرەب)گەیاندینیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1ـ شاعیران نەرجسی لەهەر نەتەوەیەکدا بن هەڵگری هەمان خەسڵەت و سیفاتن لە ڕوی دەروونیەوە,
2ـ شاعیرانی نەرجسی ئەو کەسایەتیەیە کە بە دەوری خۆیدا خول دەخواو هەستی خۆ بەزلزانی وگەورەیی لەناخیدا دەرویت وپەرە دەسێنێت.
3ـ نەبونی هچ هەستێك بەرامبەر بەوانی تربە هۆی فوکردنە خودی قەبەکراو.
4ـ ئاوڕنەدانەوەو مامەڵە نەکردن بەوانەی کە بە کەمتر لەخۆیانی دەزانن.
5ـ پەرەسەندنی هەستی پێویستی بوونیان وبێهاوتاییان.
6ـ بونی کەلێن وبۆشایی فراوان لەژیانیاندا،ئەمەش هانیان دەدات بەشوێنکەسانیکدا بگەڕێن کە پێیان سەرسام بن و پیایاندا هەڵبدەن.
7ـ جیاوازی دەنگی (من) مکان لە نیوان کوردو فارس و عەرەبدا،منەکانی ئەوان زیادەڕۆییەکی تەواو سنووربەزێنن، لەکاتیکدا منەکانی ئێمە کەنەفتوو هێز لێبراوە لەبۆتەی ناعەدالەتی ئەوانی ستەم کاردا.
8ـ دۆخی هاوبەشی شاعیرانی هەر سێ نەتەوەکە،پڕن لە بۆشایی وکێشەی جۆراو،ئەمەش دەرەنجامی چەوتی سیاسەتی نەگریسانەی دەسەڵاتی سیپاسیین.

**سەرچاوە کان**

**کوردی**

1. بابیر کەمال عەلی،1986،پێداچونەوەی شکور مستەفا،دیوانی کەمالی دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی.
2. بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی 2016،دیداری حاجی قادری کۆیی،چاپخانە،تەژنە،سلێمانی.
3. شارەزا کەریم مستەفا،میران سەردار حەمید،2016،دیوانی حاجی قادری کۆیی،لەسەر ئەرکی سوارە باجەلان لەچاپ دراوە،چاپی یەکەم،چاپخانەی تەژنە،سلێمانی.
4. شارەزا کەریم مستەفا،میران سەردار حەمید،2707،دیوانی حاجی قادری کۆیی،پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد،شارە کتێبی میدیا،سنە.
5. مودەڕیس مەلا عەبدولکەریم،عەبدولکەریم فاتح،1380،دیوانی نالی،چاپی یەکەم،چاپخانەی رستمخانی،سنە.
6. مودەڕیس مەلا عەبدولکەریم،عەبولکەریم فاتح،1387،دیوانی نالی،چاپی دووەم،انتشارات کردستان،سنە.

**فارسی**

1. بهداروندا‌کبر،1385،رباعیات بیدل دهلوی،موسسه انتشارات،تهران. -
2. پژمان حسین،1366،دیوان حافظ شیرازی،چاپ سوم،چاپخانه مروی،تهران
3. پورقیصرامین،1383،سنت ونواوری درشعر معاصر،چاپ نخست،مهران چاپ،تهران.
4. تاهرناصر،1366،دیوان حکیم قآنی شیرازی،چاپ اول،شرکت چاپ و نشرلیلا،تهران.
5. روزبة دکتر محمدرضا،1383،شعر نو فارسی،تحلیل وتفسیر،چاپ اول،شرکت چاپ ونشر لیلا،تهران..
6. شیرازی دکتر موید،1372،دیوان خاقانی،ضاث اول،نشر دانشگ ای شیراز،شیراز.
7. فروغی محمد علی،1366،دیوان سعدی،چاپ چهارم،جاپ ایدا،تهران.
8. منصور جهانگیر،1373،دیوان رودکی،چاپ اول،چاپ گلشن،تهران.
9. نفیسی سعید،1376،دیوان انوری،چاپ اول،چاپخانه تك،موسسه انتشارات نگاه،تهران.
10. دستگردی وحید،1385،دیوان استادجمال الدین محمدعبد الرزاق اصفهانی،انتشارات وزارت فرهنگ،تهران.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**عەرەبی**

1. اسماعيل عزالد ين،1963،التفسير النفسى للادب،دار العودة،دارالثقافة،بيروت.
2. بشرى عليشة،؟، مطبوعات مكتبة الغن،
3. الطباع الدكتورعمرفاروق،1997،ديوان ابى الطيب المتنبى،ج/1،الطبعة الاولى،شركة دار الارقم للطباعة والنشر،بيروت..
4. الطباع الدكتورعمرفاروق،1997،ديوان ابى الطيب المتنبى،ج/2،الطبعة الاولى،شركة دار الارقم للطباعة والنشر،بيروت.
5. الطباع الدكتورعمر فاروق،1997،ديوان ابى العتاهية،الطبعة الاولى،شركة دار الارقم للطباعة والنشر،بيروت.
6. عطوان:المحامى فوزى،1980،ديوان عنترة بن شداد،الطبعة الثالثة،بيروت.
7. فروخ.دعمر،1979، تاريخ الادب العربى،ج/3،دار العلم للملايين،بيروت
8. فروخ.دعمر،1948،حكيم المعرة، الطبعة الثانية، مطبعة الكشاف،بيروت.
9. علم النفس الاجتماع،1984، مطبعةجامعة الموصل
10. كبابة،دوحيد، حسن حمد، 2004، ديوان لزوم مالا يلزم (اللزوميات)،المجلد/2 دار الكتب، بيروت.
11. فاخورى حنا،1422،الجامع فى التاريخ الادب العربى الحدديث والقديم،ج1،انتشلرات ذوى القربى مطبعة شريعت،بيروت
12. فاخورى حنا،1380،الجامع فى التاريخ الادب العربى الحديث والقديم،ج2،انتشارات ذوى القربى،مطبعة شريعت،بيروت.
13. كامل مجدى، 2010، 100شاعرو100 قصيدة،احلى 10 الاف بيت فى الشعر العربى، الطبعة الاولى،دار الكتاب العربى، القاهرة.،
14. النجفى.احمد الصافى، 1962، الشلال، الطبعة الاولى، دار العلم للملاين، بيروت.
15. دار الحرية للطباعة والنشر،2001، الاعمال الشعرية الكاملة محمد مهدى الجواهرى، المجموع.

**المجلات**

1. الزهراء للاعلام العربى،2004، مدينة النصر
2. فاروق المواسى، 2018، ديوان العرب، مجلة ثقافية والفكر والادب.
3. القافلة،2006، مجلة ثقافية تصدر كل شهرين، صفحة ادب وفنون.
4. الحوار المتمدن،2015، العدد499، مجلة ثقافية
5. مجلة الكتاب، 1946.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)